# ئەمە شارەکەمە

د. فاروق عەلی عومەر
و: عەلی نارێنی

کێ جوانی وەك منی هەیە
بە سێ زمان شارەکەمم خوش ئەوێ
بە سێ زمان کچانی شارەکەم ئەدوێنم
بە سێ زمان شیعریان بۆ ئەنووسم
بە سێ زمان گۆرانیان بۆ ئەڵێم
بەم شێوە ژمارە (سێ)م خۆشویست
ئەگەر ئاهەنگم گێڕا..بە سێ زمان هاوار ئەکەم
ئەگەر نوستم..سێ خەون ئەبینم
ئەگەر نامەم بۆ ئازیزانم نووسی
سێ لاپەڕە پڕئەکەمەوە
بەم شێوەیە ئالودەی ژمارە سێ بووم
ژمارە سێ پیرۆز بووە لە لام
بەڵکو تەنانەت سێ ماچی مناڵانیش ئەکەم
فاتیحاش سێ جار ئەخوێنمەوە
دیاریش بۆ ئازیزانم
سێ...سێ ئەکڕم
تەنانەت ئەڕوانمە مانگ و
دەخوازم سێ دانە بێ لە سەر
دوزخورماتوو
هەروەها خۆریش..
ژمارە سێ ژمارەیەکی جوانە
سێ..نە(کەم) و نە(زیاد)

بەڵكو قايليش نابم كەم يان زياد بكات

كێ دەزانێ

رەنگە سێ دڵيشم هەبێ!!

يەكێكيان لە سنگمدا لێ دەداو

دووانەكەی تريش

بە تەنيشتمەوە لە بازاڕدا

پياسە بكەن.

---

د.فاروق عەلی عومەر:لە 1967/7/1 لە شاری دووزخورماتوو لە دايك بووە، ساڵی 2002 دكتۆرای لە بواری راگەياندندا لە زانكۆی بەغدا وەرگرتووە. چەندين كتێبی لە بواری شيعرو چيرۆك وراگەياندن و وەرگێڕاندا بە هەردوو زمانی كوردی وعەرەبی چاپكردووە. لەوانە: كۆچيرۆكی(كچی باندا ـ 1999)، (سەرەتاكانی رۆژنامەگەری كوردی لە عێراق 1914ـ 1939)، (ظلك الناعم والمطر)كۆمەڵە شيعرێكە لە كوردييەوە وەريگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی.(مفاتيح السلطة الرابعة - 2002) و چەندين كتێبی تريش،مامۆستای بەشی رۆژنامەگەری پەيمانگای تەكنيكی سلێمانی بوو، بەهۆی نەخۆشييەكی كوشندەوەو دوای ئەنجامدانی نەشتەرگەری لە 2005/4/30 كۆچی دوايی كرد.